www.kurdistannet.org
25-4-2003 21:23

# حكك و ئەزموونی چەواشەكردنی ڕاستییەكان

یاسین بانیخێلانی

پێش ئەوەی بێمە سەر باسی مەبەست حەز دەكەم ئەوە ڕوونبكەمەوە بۆ بەتەنها (حكك) واتە حیزبی كۆمونیستی كرێكاریم بەكار هێناوەو پاشگری عێراقی یا ئێرانیم پەڕاندووە، چونكە لە ڕاستیدا وویستم حكك لە عێراقچێتی یا ئێرانچێتی بە ئاگا بهێنمەوە، كە ئەوان وەك حیزبێكی كۆمونیستی مۆدێرن دوژمنی سەرسەختی هەر جۆرە لە نەتەوەپەرستییەكن خۆیان گوتەنی (ناسیۆنالیزم) *١كە هەریەكێك لەو دەوڵەتانە بناغەی دەسەڵاتی خۆیان لەسەر ئەو پایگانە دامەزراندووەو تا نووسینی ئەم بابەتە حكك بەرگری لەو شێوە دەسەڵاتانە دەكەن و خۆیان وەك ئێرانی یا عێراقی نەك هەر ناوزەند دەكەن بەڵكو زۆر جاران وەك چاوساغی ئەو ووڵاتانە قسە دەكەن.

ئەوەی جێگەی زیاتر قسە لەسەركردنە ئەو پرسیارەیە: ئەم نووسینە بۆ؟!.

وەڵامی ئەو پرسیارەی سەرەوە دەگەڕێتەوە بۆ یەك دونیا گاڵتەجاڕی حكك بە خۆیان و بە بیرو فەلسەفەی كۆمونیستییەوە، كە ڕۆژانە دەیڕژێننە ناو سایتە كوردییەكان، ئەمەش بۆ كەسێك بە ڕاستی خۆی بە دۆست یا لایەنگری ئەو هزرە بزانێت هەست بە شەرمەزاری دەكات، كە ئەم كۆمەڵە نەخوێنەوارە بێئاگا دێن سوكایەتی بەو هزرو فەلسەفەیەوە دەكەن بێئەوەی خاوەنی تۆزقاڵێك ڕۆشنبیریی بن لەو بوارەدا، كە دەیانەوێت لە ڕێگایەوە بە كۆشتی دەسەڵات بگەن، ئەگەرچی هێشتا بە پەنجەكانی دەست دەژمێردرێن لە ڕێگای بەیاننامەكانیانەوە دادگایان بۆ خەڵك داناوەو وەك هەر خەیاڵ پلاوێكی دیكتاتۆری و توندڕەوی تر لیستی ڕەش و سپییان لای خۆیان تۆماركردووە. لێرەدا من نامەوێت بێم لەسەر ماهییەت و پێناسەكانی دەسەڵات لە ڕووی تیۆرییەوە قسە بكەم ئەوەندەی دەمەوێت تیشك بخەمە سەر ئەو گاڵتە جاڕییانەی حكك بە فكری كۆمونیستییەوە دەیكات، كە زۆر جاران مرۆڤ هەست بەسەرلێشێواوی و كەمخوێنی تێگەیشتنیان لەبەرامبەر گۆڕاكارییەكانی ئەمرۆی جیهان و كورد بە تایبەتیدا دەكات. من قسەم لەسەر ئەو گوتارانە نییە، كە كەسێكی ئەندامی حكك ی بێ ئاگا لە فكرو فەلسەفەی كۆمونیستی و بێ ئاگا لەو ڕەوتە فكریی و قوتابخانانەی لە دوو سەدەی ڕابردوودا كۆمونیستی پیا تێپەڕی، چونكە دەزانم ئەوانە جگە لە كۆمەڵێك بڵاوكراوەی قوتابخانە (نشره المدرسیه) و بڵاوكراوەی كۆتایی هەفتە*٢ هیچی تریان لەسەر ئەو فكرو فەلسەفە نەخوێندۆتەوەو تەنها ئەو شتانە دەزانن پێیان گوتراوەو پێیان دەگوترێت، لەڕاستیدا ئەگەر وەك حكك بڕوامان بە كارەساتی ئینسانی هەبێت، ئەبێت پێش (موجاهیدینی خەڵقی ئێران) بەزەییمان بەو ئەندامە خەڵەفێنراوانەدا بێتەوە، كە حكك بەو شێوەی خۆیان دەیانهەوێت پەروەردەیان دەكەن، چونكە من بۆ خۆم چەندین جار بەیاننامەی حكك م بینیوە لە دژی ئیسلامییەكان نووسراوە، كە گوایە ئەوانە مێشكی مناڵان و لاوان بە ئەفسانە و خورافە دەشۆن، بەڵام خورافەو وەهمە گەورەكانی خۆیان لە ژێر ئەم جۆرە دروشمانەدا دەشارنەوە، وەك ئەو بەیاننامەی ساڵی 1998 كە بۆ خۆم بە سێ زمان خوێندمەوە، كە دەیگوت: لە شاری

سلێمانی له ڕۆژی (یەکی مای) *٣دا (10، 000) کرێکار خۆپیشاندانیان کردوەو چەندەها درۆی لەوە گەورەتر، کە هیوادارم ناچارم نەکەن بە بەیاننامەو بڵاوکراوەکانیاندا بچمەوە، چونکە من نامەوێت بکەومە شەڕێکەوە، کە بۆ ئاستی قسەی بازاڕیت دابەزێنێت، ئەوەندەی دەمەوێت لێرەدا هەندێك بیرو بۆچوون بەلانی کەم بە بیری سکرتێرو ئەندامانی سەرکردایەتی ئەو حیزبە نووسراوە بخەمە ڕوو.

گومان لەوەدا نییە، کە بەیاننامەی حیزب زمانحاڵی هەم سکرتێرو هەم ئەندامانی سەرکردایەتی ئەو حیزبەیە، حکك هەر لە هەڕەشەکانی ئەمەریکا تا لێدانی بۆ سەر ڕژێمی بەعس و تا ئەمڕۆ کە ئەو شەڕە بە قازانجی خەڵکی عێراق شکاوەتەوە بەردەوام بەیاننامە دەنووسن و خۆیان وەك یەکە دڵسۆزی خەڵکی عێراق نیشاندەدەن، کە چی ئێستا وەك زۆر لە کەناڵە ڕاگەیاندنە عەرەبییەکان، کە بیری بۆگەنی شۆڤێنزمی عەرەبییان لەکاتی شەڕەکەو تا دوای شەڕەکەش بڵاودەکردەوە دەیانەوێت چەند بەرەکی بخەنە ئەو ناوچانەوە بەتایبەتی کورد نشینەکان، ئاخر سەیر نییە کەناڵێکی عارەبی یا تورکی ئەو هزرە بۆ شێواندنی ڕەوشی ناوچە کوردنشینەکان بڵاو بکاتەوە بەڵام سەیرە حیزبێك، کە ئەگەر هەموویان کورد نەبن زۆرینەیان کوردن ئیتر بۆ من گرنگ نییە لە ژێر چی ناوو ئایدۆلۆژیایەکەوە خۆیان دەردەخەن، ئەگەر حکك ئەمەشی پێ قبوڵ نییە ئەوا جێگاو وولاتی تر زۆرەو هەر جێگەو قوژبنێکی ئەم دونیا بگریت پڕە لە چەوساندنەوە با بڕۆن لەوێ خەباتی مرۆڤانەی خۆیان بکەن، کەبێگومان جێگای دەستخۆشی و شانازی ئێمەیە، ئیتر لەو سەرئێشەش دوور دەکەونەوە، کە کوردو ناسیۆنالیستی کورد بۆیانی دروستکردووە ! ئەگەر ئەم قسەیەش بە تاوانێك دەزانن ئەوا هیچ نەبێت با کەمێك واز لە کینەو دوژمنایەتی ئەو خەڵکانە بهێنن، کە بە بیرێکی جیاواز لە ئەوان بیر دەکەنەوە، ئەوە نییە سامان کەریم بۆ خۆی دەڵێت: (ڕیفراندۆمێکی ئازادانە فەراهەم بکرێت بۆ ئەوەی خەڵکی عێراق بتوانن لە ڕێگای ڕیفراندۆمێکەوە دەنگ بدەن بە ئەلتەناتیڤی خۆیان) *٤ من بۆ خۆم ئەگەرچی زۆر لە گەڵ سیستەمی دیوکراسیدام بەڵام زۆر جاریش لەبەر ئەوەی چەوسانەوەی من چەوسانەوەیەکی ئەتنی بووە هەمیشە لە دیموکراسی ڕۆژهەڵاتی دەترسم، چونکە ئەو دیموکراسی و ئازادی دەنگدانەی حکك داوای دەکات لەو وەهمە گەورەوە سەرچاوەی گرتووە، کە پێیان وایە نیوەی خەڵکی عێراق بەلای کەمەوە دەنگ بەوان دەدەن، لەکاتێکدا (60%) ی خەڵکی عێراق شیعەی توندڕەون و (40%) عارەبی سونی و کوردو تورکمان و ئاسوری کلدانی پێکدەهێنن، جا پرسیارەکە لەوەدایە ئەبێت لەم نێوەندەدا حکك چەند دەنگ بە دەست بهێنن لە کاتێکدا لە ساڵی 1992 کە لە ئاستی کوردستاندا کراو ئەوان وەك حیزبێك بە حیساب خاوەن دەنگ و ڕەنگ بوون بە تەنها (250) دەنگیان هێنا ؟.

من وەڵامی ئەو پرسیارانە بۆ خۆیان بە جێدەهێڵم دەگەڕێمەوە بۆ لای مەسەلەی کورد و عێراق بوون، کە مەبەستی سەرەکی ئەم نووسینەیەو حکك وەك ئۆپۆزسیۆنێك لە دەرەوەی ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراقەوە ڕەخنە دەگرێت، کەچی لە ڕەخنەکانیاندا نەك لە ئەوان باشتر بیر ناکەنەوە بەڵکو هەندێك جار وەك زمانحاڵی بەعس قسە دەکەن (داوای لێبوردن دەکەم کە وا دەڵێم، چونکە ڕوونی دەکەمەوە) .



www.kurdistannet.org

پاش دوا مۆڵەتی بوش بۆ سەدام و ڕژێمەکەی بە سەدان هەزار کەس لە جیهاندا هاتنە سەر جادەکان و لە دژی هێرش بۆ سەر عێراق خۆپیشاندانیانکرد، ئەڵبەتە ئەم خۆپیشاندەرانە لە چەندین گروپ و ئایدیای جیاواز پێکهاتبوون بە ئیسلامییە توندڕەوەکانی ووڵاتە عارەبیەکانەوە بگرە تا دەگاتە بیری شۆڤێنزمی عارەبی و چەپ و کۆمونیستەکانی جیهان، کەچی حکك شانازی بەم خۆ پیشاندەرانەوە دەکردو هەندێك جار وەك دەسکەوتی خۆیان ناوزەندیان دەکرد تەنها لەبەر ئەوەی دژی ئەمەریکان، ئەگەرچی خۆیان وا نیشانیان دەدا، کە ئەم شەڕە دژی خەڵکی سڤیلی عێراقە ئەوەبوو ئاکامی شەڕەکەمان بینی، کە بە مەرگی سەدام کۆتایی هات و ئەو کوشتارە چاوەنواڕ کراوەش، کە حکك تەخمینیان کردبوو (1%) دەرنەچوو، ئەمەش پاکانە بۆ ئەو خەڵکە نییە، کە بوون بە قوربانی لەم شەڕەدا، بەڵکو قسەیە لەسەر ئەو تەخمینە خەیاڵییەی حکك بۆ شەڕەکەی دیاری کردبوو، لە پاڵ ئەمەشدا حکك ئەوەندە باسی داگیرکردنی ئەمەریکایان دەکرد باسی دڕندەییەکانی بەعسیان نەدەکرد!.

حکك دژی شەڕ بوو، دژی داگیرکاری ئەمەریکا بوو، بەڵام بە یەك نەك بەیاننامە بەڵکو بە نامەیەکیش داوایان لە سەدام و ڕژێمەکەی نەکرد عێراق جێبهێڵێت تا ئەو شەڕە نەقەومێت و ئەمەریکاش عێراق بەو بیانووە داگیر نەکات!. کاتێکیش ئەمەریکا ڕژێمی (35) ساڵەی بەعسی بە (21) ڕۆژ بێسەرو شوێنکرد حکك وەك ناسیونالیستە عارەبەکان تەنها باسی ئەو چەند مناڵەیان دەکرد، کە بوون بە قوربانی ئەو شەڕە (کە ئەمە جێگەی داخە بۆ ئەو مناڵانەو بۆ ئەو کەسانەی بوون بە قوربانی) کەچی لە یەك جێگەدا گوێمان لێ نەبوو حکك باسی بە قەڵغانکردنی ئەو مناڵ و خەڵکە سڤیلانە بکەن، کە ڕژێمی بەعس لەکاتی شەڕدا بەکاری دەهێنان. بۆیە پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ڕژێمی بەعس لەوە دڕندەتر نەبوو، تا ئێمە وا لێبکات لایەنگیری شەڕ ببین؟. ئایا ڕژێمی بەعس نەبوو ئەو ڕەوشەی بۆ خەڵکی عێراق خوڵقاند، کە ئێستا دوای ئازادی بیر لە تۆڵە بکەنەوە؟. پێم سەیرە بە ڕاستی پێم سەیرە تاهیر حەسەن لەبری ئەوەی داوای چارەنووسی ئەو هەزارەها ئینسانە بکات لە سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان، کە ڕەنگە ئەوەندەی تاهیر حەسەن دەستی نەڕوات لە کێشەی عێراقدا، کەچی دەیەوێت وەك تورك و عارەبەکان، کورد بە نەتەوەپەرستێکی جینۆسایدکەر بە ئەنان بناسێنێت*٥!. لە بری ئەوەی تاهیر حەسەن داوا لە ئەنان بکات تیمێکی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان بنێرێتە عێراق تا لێکۆڵینەوە لەسەر تاوانەکانی بەعس بکەن دەرهەق بە زیندانییەکان و بێسەرو شوێنکردنیان بکات، هەوڵی شێواندنی وێنەی کورد دەدات لەلای ئەنان، کە گوایە کورد دەیانەوێت ماڵی خەڵك داگیربکەن و نەتەوەکانی تر، کە بە قەسەی ئەو کەرکوکین و ڕەگ و ڕیشەیان لە کەرکوکدا داکوتاوە لەو شارە دەربەدەر بکەن، لە کاتێکدا هەموو کەس ئەو ڕاستییە، کە ئەوانە داگیرکەری ڕاستین و ماڵی خەڵکی کەرکوکیان داگیرکردووەو خەڵکی کەرکوکیان دووچاری گەورەترین تراژیدیا کردەوە. بەڕاستی من لەم چەواشەکارییانەی حکك تێناگەم، کە تا دوێنێ خۆیان بە دەمڕاستی ئاوارەکانی کەرکوك دەزانی بۆ ئەوەی دوژمنایەتی حیزبە کوردییەکانی پێبکەن!. ئاخر ئەم ڕەفتارەی تاهیر حەسەن تەواو خیانەتێك نییە لە حیزبەکەی خۆیان و خوێنی ئەبو بەکر عەلی، کە لەسەر داکۆکیکردن لە ئاوارەکان شەهیدیان کرد؟. باشە بۆ تا دوێنێ لەخەمی

ئاوارەکانی کەرکوکدا بوون و داوای گەڕانەوەیان بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان دەکرد، ئەمڕۆ لەسایەی نەمانی بەعس و ڕزگاربوونی کەرکوك گەڕانەوەیان بە داگیرکردنی ماڵی عارەبەکان دەقەبڵێنن؟. بڕوا ناکەم هیچ حیزب و لایەنێك هەبێت ئەوەندەی حکك قسە لەسەر مافەکانی مرۆڤ بکات، کەچی بە دوو دێڕ نووسین بۆ کۆفی ئەنان هەموو ماف ئەو مرۆڤانەی، کە بەعس ماڵەکانی بەسەر عارەبەکاندا دابەشکردو ڕەوانەی دۆزەخی ئاواریی کردن، تا ئەو جێگایەی لە زستانێکی وەك زستانی ڕابردوو لەژێر نایلۆندا بەرنە سەر پێشێل دەکات!.
بێگومان ئەم هەڵوێستانە هەڵوێستی هەڵکەوت و هەڵەی سیاسی نین، ئەوەندەی مەرامێکی سیاسی لەپشتییەوەیە بۆ ناشیرکردنی وێنەی کوردو سوکایەتیکردن بە حیزبە کوردییەکانەوە، چونکە کێشەی ئەوان لەگەڵ حیزبە کوردییەکاندا کێشەیەك نییە لەسەر فکرو فەلسەفەی سیاسی ئەوەندەی کێشەیەکە، کە دەخوازن وەك پدك و ینك دەسەڵاتیان هەبێت، بەڵام کاتێك ناتوانن جێگەی خۆیان لەناو کۆمەڵگای کوردیدا وەك هێزێکی سیاسی بکەنەوە، دەکەونە پیلان و تانەو تەشەر لە حیزبەکان.
حکك وەك هێزێکی سیاسی لە کوردستاندا دەبوایەت کاری سیاسی خۆی لەو هەرێم و ناوچانەدا بریتی بوایە لە فۆرمێکی سیاسی وا کە کاریگەری لەسەر کۆمەڵگای کوردی دابنێت، نەك بە پێچەوانەوە هەوڵی شێواندنی کۆمەڵگای کوردی بدات، لەکاتێکدا ئەو کۆمەڵگا لەچەندین ڕەنگ و دەنگی جیاواز پێکهاتووە، ئاخر کاتێك قوتابخانەی فرانکفورت لە ئەڵمانیا دامەزراو تا ئەو کاتەش نازییەکان لە ئەڵمانیا ناچاری ئاوارەیی کردن، ئەوان هەر خەریکی لێکۆڵینەوە خوێندنەوەی نوێ بوون لەسەر مارکسیزم و بەو شێوەی حکك هێرشیان نەدەکردە سەر کۆمەڵگای ئەڵمانی، کە زۆربەیان بووبوون بە لایەنگری نازییەکان، بەڵام ئەمان لەگەڵ دەرکەوتندا جوانترین دیاری بۆ کۆمەڵگای کوردییان هێنا ئەوەبوو لەسەر دیوارەکانیان دەنووسی: (کوردایەتی شەرمەزارییە) بەڵام شانازییان بەعێراقچێتییەکەی خۆیانەوە دەکرد، کە عێراقچێتی بیرێکی شۆڤێنزمی عارەبی بەعس بوو دەیوویست هەموو ئەتنە جیاوازەکان بە هەموو ڕەگەز و ئاینێکەوە لە فۆرمی عێراقبووندا کۆ بکاتەوە. بەعس بڕوای بەوە هەبوو لە عێراقدا کورد، شیعە، سونی، تورکمان و ئاسوری هەیە، بەڵام ئەوەی لەدەرەوەی ئەم فۆرمە، کە هەندەسەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتی بەعس بوو بە گێرە شوێن و تێکدەر ناوی دەبردن. سیاسەتی بەعس بنامەیەکی شۆڤێنی عارەبی هەبوو، وە هەمیشە دەیەویست نەك لە عێراقدا بەڵکو لە هەموو نیشتیمانی عارەبیدا ئەو سیاسەتە بچەسپێنێت، هەر بۆیە زۆر لە ڕۆشنبیرانی عارەب کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ئەو سیاسەتەوە، کە بڕوایان وایە ئەوانەی لە عێراقدا دەژین سەر بە هەر ڕەگەز و ئایین و ئەتنێکی جیاواز بن عێراقین، کەواتە بە پێی ئەو سیاسەتەی بەعس گرنگ نییە تۆ سەر بە کام ڕەگەزو ئایین بیت ئەوەندەی گرنگە تۆ عێراقی بیت، ئەمەش لە فەلسەفەی مۆدێرندا پێی دەگوترێت کوشتنی جیاوازییەکان، ئینجا حکك دێت بە هەمان ئەزموونی بەعس مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵگای کوردیدا دەکات، کە دوازدە ساڵە بە هەموو کەم و کوڕی و جیاوازییەکانیانەوەو بە هەموو دەستێوەردانە هەرێمایەتییەکانەوە دەیەوێت هەر لە چوراچێوەی یەك دەوڵەتی عێراقیدا بیانهێڵێتەوە، لە کاتێکدا سیاسەتی ئەمڕۆی جیهان، کە ئەمەریکا ڕێبەرایەتی دەکات دابەشکردنی عێراقی دەوێت. ڕەنگە لە ڕوویەکی ترەوە بڵێم: جوگرافیای عێراق

ئەو داخوازییە دەكات، كە دەبێت عێراق لە یەكتر بترازێت، چونكە لە باشوری عێراقەوە بۆ باكوری عێراق ئەگەر بە عەقڵانی تەماشا بكەین دەبینین سێ وولاتەو بەزۆر بەیەكەوە نووساوە، ئەگەر وا نییە چی كورد لە باكوری عێراق بە زنجیر لەخۆدانی شیعەی باشور دەبەستێتەوە؟. بێگومان هیچ خاڵ و بەرژەوەندییەك نامان گەیەنێت بە یەك تەنها ئەو سیاسەتەی بەعس نەبێت، كە دەڵێت هەموومان عێراقین، باشە ئەی حكك بڕوایان بە ئازادی بیروڕادەربڕین و جیاوازییە، بۆ رفراندۆمێك لەناو حیزبەكەی خۆیان ناكەن بۆ ئەوەی روونبێتەوە، كە چەند ئەندامی ئەو حیزبە لەگەڵ كوردستان بوون و عێراق بووندایە؟. حشع یەكەمین حیزبێكی هەڵگری بیری كۆمونیستی بوو لەعێراقدا دوای چل و پێنج ساڵ خەباتی چینایەتی بە شێوەی پراكتیك و ئەزموونی سیاسی بۆی دەركەوت، كە دەبێت لایەنە كوردستانییەكەی لە عێراقییەكە جیا بێتەوە، چونكە عێراقی بوون و كوردبوون تەنها بەعس و دیكتاتۆریەت بە هێزی میلیشیا دەتوانێت پێكەوەیان گرێ بدات، ئەمەش نەك بە تەنها لە رووی كولتورو زمانەوە لەیەكتر ناچن و دوورن لەیەكەوە، بەڵكو جوگرافیاكەشیان جیاوازە، ئیتر من قسەم لەسەر ئەوە نییە لەڕووی مێژووییەوە چەند خیانەت لەو گەلە كراوەو بە زۆری زۆرداری و كۆلۆنیالكردنەوە بەو وولاتانەوە گرێ دراوە، كە دەبێت هەر رۆژێك لە رۆژان لەو وولاتانە جیا بێتەوە، كە سەرەتاییترین مافەكانیان پێشێل دەكەن، تەنها لەبەر ئەوەی سەر بە ئەتنێكی ترن، ئەمەش مەسەلەی ناسیۆنالیستی نییە بەڵكو مەسەلەیەكی هەم ئینسانی و هەم ئەخلاقییە، لەبەر ئەوەی زۆرن خەڵكانی چەپ و شۆڕشگێڕی نا كورد بەرگری لە مافەكانی كورد دەكەن و داوای سەربەخۆیی بۆ كوردستان دەكەن، بۆیە لێرەدا لە حكك دەپرسم بۆچی بەرگری لە خەڵكی فەلەستین دەكەن و داوای مافەكانی خەڵكی فەلەستین دەكەن، بەڵام كە دێتە سەر مەسەلەی كورد دەیگۆڕن بۆ مەسەلەی ناسیۆنالیستی، ئەم هەڵوێستەی حكك هەمان هەڵوێستی چەپە توركەكان نییە، لە ئاست كێشەی كورد لە باكوری كوردستاندا، كاتێك وەك كەمالیستەكان بیردەكەنەوە؟.

دیارە قسەكردن لەسەر هەڵوێستی حكك زۆرەو بەچەند لاپەڕەیەك مرۆڤ ناتوانێت تیشك بخاتە سەر لایەنە نێگەتیفەكانیان بۆیە ئەوەی لە كۆتایی ئەم نووسینەدا ماوە بیڵێم: چەند دێڕێكە لەسەر دوا بەیاننامەیان، كە رێكەوتی 2003 .5 .21لە سایتی دەنگەكان لە ژێر ناوی (پەلاماری سەربازی موجاهیدی خەڵكی ئێران لەلایەن هێزەكانی ئەمەریكاو هاوكارانیەوە مەحكومە) بڵاوكردەوە.

ئەگەر مرۆڤ كەمێك بە ویژدانەوە ئەو بەیاننامە بخوێنێتەوەو شارەزای مێژووی موجاهیدین بێت لە عێراقدا بە راستی شەرم دایدەگرێت، كە حیزبێكی خۆیان گوتەنی هەڵگری مافەكانی مرۆڤەو هەر لەو روانگەشەوە بەرگری لە موجاهیدین دەكەن، لەكاتێكدا موجاهیدین بە ئەندازەی هێزی تایبەت (قوات خاصە) و گاردی كۆماری بەعس لە كوشتنی خەڵكی راپەڕیوی كورد بە تایبەت وعارەب بەگشتی لە راپەڕینی بەهاری 1991دا دەستیان هەبووە، ئەگەر كەسێك بگەڕێتەوە بۆ مێژووی رزگاركردنی شارەكانی خانەقین و جەلەولای هەمان ساڵ ئەو راستییەی بۆ دەردەكەوێت، كە موجاهدین چەنێك خەڵكی سڤیل و پێشمەرگەیان شەهید كرد، ئەوە هەر موجاهیدین نەبوو گوندەكانی قەرەبلاخ و كوڵەجۆیان بە زەبری تۆپباران چۆڵكردو چەندین دیلیان

کوشت. بە ڕاستی سەیرە حکك تەسلیمکردنەوەی دیلەکانی موجاهیدین بەتاوان دەزانێت، بەڵام کوشتنی دیلە کوردەکان، کە لەدژی بەعس ڕاپەڕین بەتاوان نازانێت و لەئاست ئەو تاوانانەی موجاهیدیندا نەك هەر بێدەنگن بەڵکو پاکانەشیان بۆ دەکەن!. دیارە قسە لەم ڕووەوە زۆرە بۆیە من کۆتایی بە نووسینەکەم بەم دوو پرسیارە بە جێدەهێڵێم: ئەگەر موجاهیدین ئۆپۆزسیۆنی ئێرانەو وەك پەنابەر لە عێراقدان، بۆ بوون بە بەشێك لە سوپای عێراقی و دژی ئەو هێزانە وەستانەوە، کە لە دژی ڕژێمی بەعس خەباتیان دەکرد؟. ئەگەر موجاهیدین ئۆپۆزسیۆنی ئێرانە ئایا حکك دەتوانێت ناوی دوو چالاکی ئەو حیزبەمان پێ بڵێت، کە لە دژی ڕژێمی ئێران کردوویانە؟

25. 4. 2003 Heidelberg

**پەراوێزەکان**

*١ نەتەوە پەرستی و نیشتیمانی یا نیشتیمان پەرستی لای حکك تێکەڵ بووەو هەموویان وەك ناسیۆنالیزم ناو دەبەن، ئەگەر چی ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیست لە فکردا دوو مانای جیاوازیان هەیە.

*٢ بڵاوکراوەی کۆتایی هەفتە، جۆرە هەفتەنامەیەکە بە بێ پارە لە کۆتایی هەفتەکاندا دەخرێتە ناو پۆستی ماڵەکانەوە. مەبەستی ئەم هەفتەنامە ئەوەیە لە ڕێگای هەندێك ڕێکلامەوە سەرنجی خەڵك بۆ هەندێ بابەتی ڕۆژانە بۆ گەرمکردنی بازاڕ ڕادەکێشێت.

*٣ یەکی مای ڕۆژی کرێکارانی جیهانە، بەڵام حکك بە تەنها بە مولکی خۆیانی دەزانن، بۆیە لەو ڕۆژەدا هەر کەسێك ئاهەنگ بگێڕێت ئەوان وەك دەسکەوتی خۆیان تەماشای دەکەن.

*٤ خەڵکی عێراق نابێت مل بدەن بە حکومەتی عەسکەری ئەمەریکا– سامان کەریم – سایتی کوردستان نێت 15. 4. 2003

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.